# سکرتێری حزب سەردانی رێزدار کاک عادل موراد دەکات



کاتژمێر ١١ی رۆژی ٢٣-١٢-٢٠١٤ هەڤاڵ رێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان سەردانی رێزدار کاک عادل موراد سکرتێری ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری سلێمانی کرد و لەلایەن بەرێزیانەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

لە دیدارێکدا کە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و ناوچەکە کرا، بۆ نەهێشتنی مەترسی و هەرەشەکانی رێکخراوی داعش، یەکرێزی و هاوهەڵوێستی هێزە سیاسیەکانیان بە پێویست و گرنگ لێکدایەوەو دەسخۆشیان لە پێشمەرگەکانی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستن.

لە تەوەرێکی دیکەدا جەخت لە گرنگی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکان کرایەوە.

# روونکردنەوەیەک لە مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانەوە

رۆژی ٢٧-١٢-٢٠١٤ نوێنەرایەتی حیزب و لایەنە کوردستانیەکان بۆ پشتیوانی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان (کە لە ١٥ نوێنەر پێکهاتووە) لە کۆبوونەوەیەکدا کە دوو لە سێ ئەندامانی نوێنەرایەتیەکە تێیدا ئامادەببوون، لەسەر ناوی ٦٦ لایەنی کوردستانی، راگەیاندنێکی بڵاوکردۆتەوە، وێڕای ئەوەی زۆرینەی برگەکان دووپاتکردنەوەی راگەیاندنەکانی پێشوترن و پێویست نەبوو دووپاتبکرێنەوە، لەهەمان کاتدا ئەو نوێنەرایەتیە بۆ راپەڕاندنی کارە راسپێردراوەکان دەستنیشان کراون نەک بە ناوی لایەنەکانەوە لەم رەوشە هەستیارەدا هەڵوێست وەربگرێ و سەنگەر لە لایەنێک بگیرێ، بەبڕوای ئێمە دەبوایە بۆ ئەو پرسە کۆبوونەوەی فراوان بکرێ، چونکە لە بنەڕەتدا چالاکی و تێکۆشانی لایەنەکان بەمەبەستی بەرهەڤکردنی زەمینەیێکی لەبار بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی وەڕخراوەو بۆ ئەو ئامانجەش چڕ دەکرێتەوە، ئەوەش وا دەخوازێ لە روشاندن و هەست بریندارکردن دوورەپەرێزی بکرێ لە راگەیاندراوەکەدا هاتووە: "هەمووان دەزانین کە کۆبوونەوەکانی لایەنە سیاسیەکان و پێکهێنانی نوێنەرایەتی ئێمە وەکو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان وای دەبینین کەوا کوردستان لە رەوشێکی زۆر ناسک و هەستیاردایە، مەترسی گەورەش لەسەر گەلی کوردستان هەیە، بۆیە لە رەوشێکی وادا پێویستە هەموو لایەکمان کار بۆ یەکرێزی و یەکدەنگی بکەین و کارێکی وا نەکەین درز بخاتە ناو یەکرێزی گەلی کوردستان بە باوەڕی ئێمە لێدوانەکانی ئەم دواییەی هەردوو بەڕێزان (جەمیل بایک هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK و سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان) بۆتە مایەی نیگەرانی خەڵک و خزمەت بە یەکرێزی ناکات". بەڵام مخابن ئەو دەربڕینە خۆی لەخۆیدا خزمەت بە یەکرێزی و یەکدەنگی ناکات، چونکە پێشتر رێزدار سەلاحەدین دەمیرتاش رایگەیاندبوو کە لێدوانەکەی شێوێندراوەو قسەی وای نەگوتووە، هەروەها ئەگەر نیگەرانی لە لێدوانی بەرپرسێک یان چەن لایەنێکی سیاسی هەبێ، باشتروایە لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا بە بەشداری نوێنەری ئەو لایەنانە ئەو پرسە تاوتوێ بکرێ و داوای روونکردنەوە بکرێ؛ ئێمە پێمانوایە ئەو راگەیاندنە لەمکاتەدا خزمەت بە یەکرێزی ناکات، بەوهۆیەوە رایدەگەیەنین کە رەنگ لە هەڵوێستی ئێمە ناداتەوە، هیواخوازین پرسی لەو بابەتە دووپات نەبێتەوە، دەخوازین بۆ هەڵوێست وەرگرتن و خۆیاکردنی رامانە سیاسیەکان پرس و راوێژ بە حیزب و لایەنەکان بکرێ

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی رزگاریی کوردستان**

**٢٨-١٢-٢٠١٤**

# شاندێکی حزبمان بەشداری لە چلەی ماتەمینی شەهید کاکە عەتادا دەکات



کاتژمێر ١٤,٣٠ی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ٥-١-٢٠١٤ مەراسیمی چلەی ماتەمینی شەهید عەتا محەمەد حاجی مەحموود، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و کوڕی بەرێز سکرتێری گشتی ئەو حزبە لە هۆڵی رۆشنبیری شاری سلێمانی بەئامادەبوونی نوێنەری سەرۆک کۆماری عێراق و نوێنەری حزب ولایەنەسیاسەکان ومامۆستایانی زانکۆ و نوسەرو رۆشنبیران و رۆژنامەنوسان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و هاورێ و خانەوادەی شەهید کاکە عەتا و جەماوەرێکی بەرفراوان بەرێوەچوو .

مخابن رۆژی ٢٦-١١-٢٠١٤ عەتا محەمەد حاجی مەحمود ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و کوڕی سکرتێری گشتی ئەو حزبە لە سەنگەری بەرگری و لە گوندی تەلوەرد گیانی خۆی پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەی کردو گەیشتە کاروانی شەهیدانی رێی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.

لەوەتەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشەکانی خۆی بۆ سەر باشوری کوردستان چر کردۆتەوە و بە هەموو هێزیەوە پەلاماری باشووری کوردستانی داوە ئەمە یەکەمین سەرکردەی حزبێکی سیاسی کوردستانە کە لەبەرەکانی شەڕدا شەهید بکرێ، بەوهۆیەوە سەروەرییێکی گەورەی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی تۆمار کردووە و کوردستانیان بەڕێزەوە لە گیانبازی شەهید عەتا دەڕوانن و بە حورمەتەوە باسی لێوەدەکەن.

جێی ئاماژەیە بەمەبەستی دووپاتکردنەوەی هاوخەمی و سەرەخۆسی شاندێکی حزبمان لە رێورەسمی ماتەمینی چلەی شەهید عەتادا بەشداری کردبوو، هەر بەو بۆنەیەوە سکرتێری گشتی حزبمان پەیامێکی هاوخەمی بۆ حزبی سۆسیالیست دیموکرات و بنەماڵەی شەهید عەتا رەوانە کردبوو.

# سکرتێری حزب پێشوازی لە شاندێکی پارتی ئازادی کوردستان/باکور دەکات

کاژمێر ١١ی رۆژی ٨-١-٢٠١٤ بەرێز کاک عەبدولرەحمان گوندەکی سەرپەرشتیاری پارتی ئازادی کوردستانی باکوور سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانی لە شاری هەولێردا کردو لەلایەن هەڤاڵ سکرتێری گشتی و ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی بەگەرمیەوە پێشوازی لێکرا.

بەرێز کاک عەبدولرەحمان گوندەکی کەسایەتی ناسراوی باکووری کوردستان و سەرپەرشتیاری پارتی ئازادی کوردستان/باکوورەو مێژوویێکی زۆری لە خەباتی سیاسی و جڤاکیدا هەیە.

لەو دیدارەدا بەرێز کاک عەبدولرەحمان گوندەکی کورتەیەکی سەبارەت بە مێژینەی خەباتی سیاسی لایەنەکانی باکووری کوردستانی



وەبیرهێنایەوە کە ئێستا پارتی ئازادی کوردستان (پاک) یان پێکهێناوە. هەروەها ئاماژەی بەو پەیوەندیە دێرینە کرد کە لەرابردوو لەنێوان هەردوولادا هەبووە و هیواشی خواست کە پێوەندی لە نێوان حزبی رزگاریی کوردستان و پارتی ئازادی کوردستان/باکوور بەهێز بکرێ و بۆ یەکخستنی گوتاری کوردستانیان هاوهەڵوێستی بنوێندرێ.

لەلایەن خۆشیەوە هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری حزبی رزگاری زۆر سوپاسی بەرێزیانی کردو هیوای خواست کە ئەم دیدارو کۆبوونەوانە درێژەیان هەبێ و پێوەندیەکان قوڵتر بکرێنەوە.

# چەند شۆفێرێکی تورک بە ناسنامەی داعشەوە دەستگیر دەکرێن

سەرچاوەیەکی ئاسایشی دهۆک بە مێدیاکانی راگەیاندووە کە لەم ماوەیەدا دوو شۆفێری تورک کە نەوت دەگوازنەوەو لەکۆمپانیای بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکەن بە ناسنامەی رێکخراوی داعشەوە دەستگیرکراون.

سەرچاوەکەی ئاسایشی دهۆک ئاشکرای کردووە کە شەوی سێشەمەی رابردوو ٦-١-٢٠١٥ لە کاتی پشکنیندا ناسنامەی رێکخراوی داعش لە شۆفێرکی تورک گیراوە، واتە جگە لە ناسنامەی وڵاتەکەی خۆی، ناسنامەی رێکخراوی تیرۆریستی داعشیشی لە باخەڵدابووە.

هەر بەگوێرەی قسەی ئەو سەرچاوەیە رۆژی ٨-١-٢٠١٥ شۆفێرکی دیکە تورک پشکنینی بۆ کراوەو ناسنامەی داعشی لە باخەڵدا دۆزراوەتەوە.

سەرچاوەکە جەختی کردۆتەوە کە هەر کەسێک ناسنامەی داعشی پێبێ لەلایەن پۆلیس و ئاسایشی کوردستانەوە دەستگیر دەکرێ.

هەڵگرتنی ناسنامەی داعش لەلایەن شۆفێرەکانی توکیاوە بەڵگەیەکی دیکە سەبارەت بە هاوکاری نێوان تورکیاو داعش ئاشکرا دەکەن، هەروەها تەواوی ئەو پاساوانەی تورکیا سەبارەت بە دژایەتیکردنی داعش رەت دەکەنەوە.

سەرچاوەیەک بە هەفتەنامەی "رۆژی گەل"ی راگەیاند کە شۆفێرە تورکیەکان و بازرگانە تورکیەکان بە ئاگاداری حکومەت و دەزگەی هەواڵگری (میت) بازرگانی نەوت لەگەڵ داعش دەکەن و ناسنامەی داعشیان بۆ دروست دەکرێ.

# تاران:بەهۆی نامەیەکەوە سێ کچە فێرخوازی کورد دەستگیر دەکرێن

سێ کچە فێرخوازی کورد سەبارەت بە خراپی باری ژنان لە گرتووخانەکانی ئێراندا نامەیەکیان بۆ رێبەری ئێران ناردبوو، بەهۆی ناردنی ئەو نامەیەوە دووچاری لێپرسینەوەو دەستبەسەرکردن بوونەتەوە.

هەواڵەکان ئاشکرایان کردووە کە رۆژی ١-١-٢٠١٥ سێ کچە فێرخوازی کورد لە زانکۆکانی تاران لەلایەن دەزگەی ئاسایشی ئەو وڵاتەوە بەتۆمەتی ئەوەی نامەیان بۆ رێبەری ئێران ناردووە و نارەزایەتیان سەبارەت بە رەوشی ژنانی زیندانیکراو دەربڕیووە، دەستگیر کراون و بۆ شوێنێکی نادیار گواستراونەتەوە.

جێی ئاماژە پێکردنە کە کچە فێرخوازەکان بەناوەکانی شیلان و کەوسەر رەحمانی پور خەڵکی بۆکان و چنوور عەباسی خەڵکی شاری سنەی کوردستانن.

لەلایەکی دیکەوە هەر سەبارەت بە چارەنووسی ئەو کچانە، کەسێکی نزیک لە بنەماڵەی یەکێک لەو کچانە بە ئاژانسی هەواڵدەری کوردستان (کوردپا)ی راگەیاندووە کە کچەکان لە ماڵەکانی خۆیاندا دەستەبەسەرکراون و مافی چوونە دەرەوەیان لێزەوت کراوە.

هەرچەندە تا ئێستا زانیاری تەواو سەبارەت بە چارەنووسی ئەو کچانە لەبەردەستدانیە، بەڵام جێی ئاماژە پێکردنە کە فێرخوازانی کورد لە زانکۆکانی ئێراندا پەرۆشانە بە دوای کێشەکاندا دەچن و خۆیان بە خاوەنی کێشەکان دەزان و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدەن، زۆرجارانیش بەوهۆیەوە دووچاری گیران و سوکایەتی پێکردن و زیندانیکردن دەبنەوە.